ناوی کتێب: زیارەتی ماچ

رەسووڵ سوڵتانی

چاپی یەکەم: یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ٢٠١١

چاپی دووەم:

بەرگ:

# لەسەر ئەم دیوانە شێعرە

لە زۆر بۆنەی جۆراوجۆردا دەمدی کە خاوەنی ئەو دیوانە شێعرە بە چوارینەیەک یا کورتە غەزەلێک کۆڕەکە دەهەژێنێ و هەستی هەستناسکان دەبزوێنێ. ئەمە هانی دام لێی بپرسم داخوا دیوانی چاپکراو یان ئامادەی چاپی هەیە یان نا! لە وەڵامم دا بە تەوازوعەوە گوتی: شتی وام نیە رووی مەجلیسیان هەبێ و بۆیە دیوانی شێعرم نە چاپ کردووەو نە ئامادەی چاپ. بەڵام ئەمن کە بۆخۆم چێژم لە شێعرەکانی و شێعر خوێندنەوەی جوانی وەرگرتبوو لە کۆڵی نەبوومەوە و داوام لێ کرد دەفتەری شێعرەکانیم وێ¬دا بیان خوێنمەوە. لە خوێندنەوەی دەفتەرەکەی تێ¬گەیشتم تەوازوعەکەی لە جێی خۆی دا نیە و بەراستی گەنجینەیەکی کەم و پوختی لە بیری جوان و تەعبیری رەوان خڕکردۆتەوە کە بە خەسارم زانی نەکەوێتە بەر چرایە و خوێنەری کورد لێی بێ بەش بێ. بە خۆشییەوە بێدڵیی نەکردم و دیوانەکەی بۆ چاپ ئامادە کرد.

ئێستا ئەوە دیوانی (زیارەتی ماچ)ی شاعیری لاو کاک رەسووڵ سوڵتانی لەبەردەستی خوێنەرانی کورد دایە. پێم باشە هەر کەس بۆخۆی وردەکاری یان باشتر بڵێم شیرنکاری¬یە شاعیرانەکانی ئەم

دیوانە بدۆزێتەوە، هەڵیان سەنگێنێ و حوکمیان لەسەر بدا. هەر بۆیە و لەبەر ئەوەش کە زۆری لێ نازانم نامەوێ لێیان بدوێم و تازەیی بیرو بابەتەکە لە خوێنەری ئەم دیوانە بستێنم. هەر ئەوەندە دەڵێم کە هەرچەند شێوازی کاک رەسووڵ لە شێعردا زۆرتر کلاسیکە، دنیایەک لە هەستی ناسک و دەربڕینی داهێنەرانەی پێیە کەوا بزانم سەرنجی هەموو شێعرناسان و شێعردۆستان بۆلای خۆی رادەکێشێ.

هیوادارم لێم قەبووڵ بکا کە بڵێم ئەم دیوانە کەم و کورتیی خۆشی هەیە. بۆ وێنە بوارێکی تایبەتی بەسەری دا زاڵە و جێگای هێندێ بواری دیکەی کەم یان زۆر تێدا بەتاڵە، کە نامەوێ بچمە نێو وردەکارییەکانەوە. بەڵام شاعیری ئێمە رۆژگارێکی دوورودرێژی بۆ پێشکەوتن و پێگەیشتن لە پێش دایە. بەو توانایەشەوە کە پێیەوە شک دەبەم هیوادار و تەنانەت دڵنیاشم کە لە دوارۆژێکی نیزیک دا جێگای شیاوی خۆی لە نێوی کۆڕی شاعیرانی ریزی پێشەوەدا بکاتەوەو کەلێن و کەلەبەرەکانیش پڕ بکاتەوە. نابێ پەلەی لێ بکەین. شاعیری بەراستی شێعر بە خۆی ناڵێ، شێعر خۆی پێ دەڵێ.

سەرکەوتنی لە ژیانی تایبەتی و ئەدەبی و خەباتگێڕانەدا بە ئاوات دەخوازم.

عبدالله حسن‌زادە

٢٠٠٩/١/٢ کۆیە باشووری کوردستان

## پەرچەم

پێی بڵێن شانە نەکا پەرچەمی پڕ پێچ و گـرێ

ئەوە لانەی دڵی ماندوومـە دەبا تێـک نــــەدرێ

کە هەڵۆی چاوی لە ئاسمانی ئەوین دێتە فڕیـن

سەری پەنجەی لە دڵی مات و سڵم دادەگـرێ

بە بزەی سـەوزی دەم و لێوی بەهاری گوڵی دڵ

تەمی پاییزی لەســەر باخـــــی ژیان لادەدرێ

هەموو ژان و خەم و ئازارە وشەی دەفتەرەکەم

بۆیە بەو چەشنە دڵی کیـژی غەزەل گڕ دەگـرێ

**بە شەپۆلی چەمی ئەسرین لەخەوێ رادەپەڕم**
**کە بە خوڕ دێت و بە سەر رووومەتما رادەبـــرێ**
**دەرکی دڵ دادەخەم و خەم دەڕەوێنم لە سەرم**
**کەچی ئەمجارە بە دەستی یەکیتر لێی دەدرێ**
**پەلەمە بۆ خەوی ئامێـــز و بزە و ماچی دەمی**
**چون دەترسم نەگەمێ و فوو لە شەمی ژین بکرێ**

بەهاری ١٩٩٧

# خوێنی پێنووس

گەر بچرپێنم خەمی عیشقت بە گوێی کۆسارەوە
لەت دەبێ جەرگی بە تیخی تیژی ئەو هاوارەوە
ئەم بەهارە گیا لە بیری چۆتەوە هەستێ لە خەو
تا بزەی سەوزی گەڵا بڕوێ بە لێوی دارەوە
گەرچی شەختەی پیرە پاییز هەستی ژاکاندووم بەڵام
چاوەڕێی تیشکی هەتاوێکم بە ئاسۆی تارەوە
چۆن غەزەل رەشپۆش نەبێ و پێنووس نەڕێژێ خوێنی دڵ

**کۆتــری ئاواتی ســـاوام چۆتــە پای سێـــــدارەوە**

**باوەشی گەرمـــی خەیاڵ و تیشکی رووی شێعرم نەبێ**

**کێ وەهانام دێ بەدەس پەنجەی رەشی شەوگارەوە**

**گەر ببینی ئەو شەپــۆلەی دێ لە تاڤگەی چاوی من**

**تێدەگەی چـۆنم بە دەستی ژانـــی بێ ئەژمـــارەوە**

**کێ دەکارێ پنـجی عیشقی تـۆم لە دڵ بێنێتـەدەر**

**تـــۆ کە باشــارت نەکـردووم بەو هەمـووە ئازارەوە**

زستانی ٩٧حاجی‌لەک

## باران

**قژی زەوی سەوز بوو بە ماچی لێـــــوی باران**

**بزەی هاتێ گەزیزە کە بیستی نێـــــوی باران**

**خونچە بە نازو عیشوە چارشێوی کەسکی لادا**

**هەتاکوو بێتــــە گریان دڵی پەشێـــــوی باران**

**کە دیتی شەوبۆ کێشای بە سازی ڕێژنە چۆپی**

**خۆر هات و خۆی حەشاردا لە بن چارشێوی باران**

**وەنەوشە گرژو مۆنە و سەری گرتۆتە باوەش**

**دەڵێ بۆچی بەرەو من خـۆ نابزێـــوی باران**

**بەرەو ئامێزی دەریا دەپێوێ ڕێـــگە ڕووبار**

**هەتا بباتەوە ئەو مـەرج و گرێـــوی باران**

**لە چاوی هەوری تووڕە لەبەرچی خۆی دزێوە**

**بەرەو ژوانی کام گوڵ ڕێگە دەپێوی باران؟**

**خاکەلێوەی ٧٧ حاجی‌لەک**

**بە بادەی تاڵی مەینەت کاس و گێژم**

**لە ڕێبازی ئەوین ئەفسانە بێژم**

**لە چاوم دا دەبینی کۆڵکە زێڕین**

**لەبەر چاوت کە فرمێسک بڕێژم**

**کە دەستم رانەگاتە خۆڵی جێژوان**

**بە چی چاوی کچی شێعرم بڕێژم**

**لە گۆڕستانی ژینم جێ نەماوە**

**حەز و ئاوات و تاسەی لێ نەنێژم**

# گومبەز

**پەلکە گیای بێ ئاو و ژاکاوی خەمم بەو دێمەوە**

**بێ شنەی سەوزی نیگات بەم زوانە نابووژێمەوە**

**وشکە ساڵی گەرچی شاباڵی شەپۆلی شکاندووم**

**هەر بە گۆرانیی نمەی بارانە هەڵدەقولێمەوە**

**دەست لە مل کێو و رەوەز گۆرانی ئەچڕم بۆ بەهار**

**هاودەمی سروە و شەماڵی خۆشەویستی دێمەوە**

**ناوی تۆ شابەیتی شێعری کەسک و سووری ژینمە**

**بۆیە وەک ئاوازی حەیران بێوچان دەیڵێمەوە**

**گومبەزی مەمکت پەرستشگەی دڵی دێوانەمە**

**وەک موریدی شێت لە دەوری رۆژ و شەو دەخولێمەوە**

## خەم

هێنــد دڵم تــەنگە لە دڵتەنگییەکەم گریا خەم

دڵ گڕی گرتووە فرمێســـکی چلۆن فریاخەم

وشکە ساڵێکە لەبەر خونچە دەڕێژم ئەسـرین

چون دەڵێن دێیەوە با فەڕشی گوڵت بۆڕاخەم

باخەوان گەرچی ســـەدان بەردی لە شاباڵم دا

پەژیوان نیم و ئەوینـــــداری گوڵی ئەم باخەم

من لە ئامێزی چیای سەربەتەما پێ گەیوم

سەر لەبەر کەندوکڵۆو جەوری زەمەن داناخەم

**شەختە شمشێری لەسەر گەردنی گوڵ داناوە**

**هێشتە تێرماچی دەمی گوڵ نەبووم بەوداخەم**

**تۆ کە جێم¬دێڵی وەکوو تیشکی هەتاوی زستان**

**چۆن ئیتر دەرکی دڵی خۆم لە ئەوین داناخەم**

**جێ هەوار خاڵییە  لەم زێدە دەڕۆم یەکجاری**

**لێ دەنێم باروبنە و تازە لە هیچ کوێی ناخەم**

پاییزی ٢٠٠٠

# هەڵوەرین

به خەم پەڕپەڕ بووە یەکسەر کتێب و دەفتەری شێعرم
لە تاوت هەڵپـــــــــــڕووکاون پەڕوباڵی پەریی شێـــــعرم
کە بارگەت تێک دەنێی زریان و زستانت بە دوودا دێن
لەدووی کۆچت سەدان خونچەوگوڵی لێهەڵوەرین شێعرم
شنەی سروەی نیگات کاتێ وشەم دەگرێتە نێو باوەش
لک وپــــۆی دێتە بـــەر بەو پایــزە داری بەری شێعرم
بە هەڵبەستــــــا هەواڵم بۆ نەناردووی چون نەیارانم
بە تاوانی ئەوین لەم شارەدا دەبڕن سەری شێعرم

**بە چاوی مشتەری روانیومە بۆ بەژنی گەلیَ هەڵبەست**

**نەبوو هاوتای لە جوانی دا کچی رەش ئەسمەری شێعرم**

**بزەت گەر بێتەسەر لێو و ببێتە دۆی خەیاڵی من**

**زەماوەندی ئەوین دەگرین هەتا بن سێبەری شێعرم**

**ئەگەر هەر من بسووتێنیَ گڕی ئەو عیشقە قەی ناکا**

**دەترسم سەر بکا و یەکسەر بگاتە خوێنەری شێعرم**

**دەپشکویَ گوڵبزەی لێوی پەژارەی کۆنی هەڵبەستم**

**ئەگەر رۆژیَ بەتەنیا تۆ ببیتە خوێنەری شێعرم**

## سرتەی خەیاڵ

دوێ شەوێ من لێوی ئاڵی تۆم لە خـــەودا مشـــتووە
چاوی هەڵبەستم بە خاکـی رێـی ئەوینـــت رشـــتووە
تا نەمامـــی بەرز و سەوزی خۆشەویستیت بێتە بەر
هەرچی فرمێسکم هەبوو یەکجاری بۆم هەڵ¬ڕشـــتووە
گوڵبزەی لێوم لەگـــەڵ پاییزی کۆچت هەڵ¬وەری
ژانی دووریی تۆ پەپوولەی پێکەنینمی کوشـــتووە

**قۆچەقانیی چارەنووس چەشنێکی هەڵداشتووم دەڵێی**

**لەو بەڵێنانەی من و تۆ ترســــی زۆر ریَ نیشتووە**

**با لقی ســــــووری زمانم رانەژێنــیَ بای خەمــت**

**چونکە باڵندەی ســەدان هاواری لیَ هەڵ¬نیشـــتووە**

**نوێژی قەت بەرناکەویَ با سەر لە سوژدەی هەڵگریَ**

**هەر کەسیَ وەک من بە خوێن دەسنوێژی عیشقی نەشتووە**

**دەنگی سەوزی بانگی مزگەوتیَ لەهەرجیَ بێتە گوێت**

**دیارە پیلانێکی سووریان لە بنەوە دارِشــــــتووە**

**بۆ ئەوەی سرتەی نیگا و سروەی ئەوینم بێتە گویَ**

**خۆم لە بێشکەی باوەشی شیعرێکی تەرِ هاویشتووە**

رەشەمەی ٢٠٠٠ ورمیَ

## تۆزی گومان

**هەر کە پێم نایە جیهان تیشکی هەتاوم ون بوو**

**هەموو وەرزی تەمەنم تۆف و تەم و بارِن بوو**

**دیم لە ئاسۆگی ژیان جێیەکی رووناک، ئەمما**

**گۆشەیەک بوو بە چرای چاوی گورگ رۆشن بوو**

**بەشی من تاڵ بوو بەری داری ژیان هەر بۆیە**

**ئارەزووم دیتنی خەونێکی کەم و شیرن بوو**

ژین بەسەر چوو کەچی من نەمدی بزەی تیشکی تاو
ئاسمانم شەوو رۆژ هەور و هەڵا و چڵکن بوو
چۆم و رووبارم ئەدی ئاوێ نەبوو روون و جوان
چووم و دیتم کە لەسەرچاوەکەیا لیخن بوو
من لە شوێنێکی جیهان عاشقی سەربەستی ببوم
کە لەوێ باوی بزەو شێعرو ئەوین کوشتن بوو
منم ئەو شاعیرە زۆر جوانی پەرستە کە دەڵێن
باوەڕی روونی لە نێو گۆمی گومانا ون بوو
کەرەج ٢٠٠١

## ڕاوێژی نیگا

جامـــــی ژینم تا بـه یادی تـــــۆوه لێــوڕێژ کردوه
تامی عیشق و خۆشەویستیم پڕ بە دڵ چێژ کردوه
هەرچی روخسارت دەبینێ سوژده بۆ جوانی دەبا
کافـــــر و بێ دینی فێری تاعـــــەت و نوێژ کردوه
دوێ شەوێ چاویان بە چاوی تۆ کەوت ئەستێرەکان
گاڵتەیان تا ڕۆژ بە ئەستێـــــرەی گەلاوێــژ کردووه
زامی پڕ ژانی وشـەی شێــــعرم نەدەکرا چارەسـەر
ئـــەو بـــرینانەت بە یـــەک دیمانە سـاڕێژ کــردوه

**دوێنێ ڕۆژنامەی ژیانم بۆ خـــەیاڵ ئەخـــوێنـدەوە**

**ئەو بەشانەی وا لـە گەڵ تۆمــــدا وتـــووێژ کـــردوە**

**بێ زمانیش چۆن مەبەستی خۆشەویستی تێنەگەم**

**تۆ کـــە دوو چاوی کەژاڵت فێـرە ڕاوێـــژ کـــردوە**

**ڕازی عیشقت هێنــدە پڕ پێچ و پەنایە شەرحەکەی**

**شاعیر و زانا و مەلا و شێـخی هەمـوو گێــژ کردووە**

**تۆ بە سێـــرێکی نیگات چاوی زەمانت کردە خـــەو**

**جێت بە هیپنۆتیزم و سەت عیلمی وەها لێژ کردوە**

**کیـژی شێـعرم بۆیـــە هێنــدە دڵڕفێنە و نازەنیـــن**

**چـــون بە خاکی جێــژوان چاوانی کل ڕێــــژ کـردوە**

٢٠٠١ کەرەج

## بەڵێن

گەرچی تیشکی مانگی قەولی تۆ هەتاکوو سەر نەبوو
دەستی یادم قــەت لە داوێنــی ئەوینت بــەر نەبوو
دوور لە تۆ شەختەی خەفەت ژاکاندی باخی گوڵبزەم
خــــۆ دەنا قەت باخی رازاوەی غەزەل بێبەر نەبوو
زۆر لە ســـەر رازی نیگای تۆ شارەزا دواون بــەڵام
شەرحی عیشقت کاری زانا و شاعیر و نووسەر نەبوو
تا نیگام دەستی بـــە داوێنی نیگای مەستت نەگرت
شێعری نامۆم شارەزای نێــو کاغەز و دەفتەر نەبوو

**چاو بە فرمێسکن لە دووی کۆچت وشەی شێعرم کەچی**

**بۆ پـــەژیـــوان بوونەوەت ئەو شینە کاریگەر نەبوو**

**دویٚ وتم چـــەپکیٚ گوڵت بــە دیاری بۆ بچنم لە باخ**

**هیچ گوڵیٚ شایانی دەستی کیژی رەش ئەسمەر نەبوو**

**تا شنەی ســـەوزی ئەوین نەیدا لە بسکی ئارەزوو**

**بیری ئاڵــۆزم ئـــەوەندە تیـــژ و داهێنەر نــەبوو**

**هەر لە ژێر سایەی دلۆڤانیت پشووی دا شێعری من**

**خـــۆ دەنا داری ژیان بـــۆ شاعیران سێبەر نەبوو**

٢٠٠٢ کەرەج

# زیارەتی زام

"بۆ شەهید مەنسوور مەعروفی"

تا وشەم دەست لە قەدی کیژی غەزەل وەردێنن
دەبنە پرشەنگی هەتاو چـــۆم و چیا دەدوێنن
کانیاو و چــەم و رووبار و هــەتاو بــێ ئۆقرەن
چــون بـە ئەسپایی دەبێ لانکی خەم راژێنن
بۆیە شەو دەستی وەها داوەتە دەست بای زریان
تاکـــو تیرێژی هــەتاو لێرە بـە چــۆک دابێنن

**مانگی خــەمناکی خەزەڵوەر دڵی گیراوە دەڵێن**

**پۆلی ئــەستێرە لە گۆلاوی شـــەوا بێ شوێنن**

**چاوەڕێتانە هەتاو لێرە بـــە جــەرگی کون کون**

**رێژنە ئەســـرینی بـــە ســـەر زامی دڵ بڕژێنن**

**ئـــەو درنجانـــە دژی شیـلە بـــزەی رووناکین**

**دڵی ئاوێنە بـــە بـــەردی رق و قین دەشکێنن**

**شاخ و کێو هاتووە بۆ زیارەتی زام ئێزنیان دە**

**سەری کڕنـۆشێ لەبەر زامی بە سوێت دانوێنن**

**مــەرهــەمێکم دەوێ بــۆ زامی دڵی هەڵبەستم**

**وشـــەکانی غـــەزەلم گشتی شـــەڵاڵی خوێنن**

۲۰۰۲ـ

# گراو

شاباڵی نیگا تا لە وشـــەی شێعرم ئەساوی

ئەستێرە لە گەڵ مانگ و هەتاو دێنە سڵاوی

عیشقت کە لە چاوانەوە دەڕژێتەچەمی ژین

هۆنراوە تەزووی سەوزی ئەوین دێتە هەناوی

ئاوێنە کە روخسار و بزە و خاڵ و دەمی دی

قرچـــەی دڵی چڕژاوی خزی بۆ سەرو چاوی

چیرۆکی ئـــەوینی مــــە وەها کردی رەگاژۆ

منداڵ و بــەساڵاچــوو هەموو بوونەتە راوی

جێژوانی شـەوو رۆژی لە دەوری دەمی تۆیە

ئـــەو شێعرە کە خاڵی چەنەتی بۆتە گراوی

**تینوێتی بـــە بارانی ســــــروودێ دەشکێنم**

**پاش کۆچـــی رەشی پایز و زستانی تەماوی**

**لەت لەت لە نیگات هەڵدەوەرین دوێنێ بە لێشاو**

**شووشەی رەشی پەیمان و بەڵێنی بە شکاوی**

**ئیزنم بدە ئـــــەو شەونمی سەر کوڵمەیە بمژم**

**تا شەختە لە پــەلکی گوڵی روخساری نەداوی**

بەهاری ٢٠٠٣

## پەشیمانی

سەرەتای پیتی ئەویندارى غەڵەت بوو بەسەرت
غەزەلم بۆیە خەفەتبار و شەکەت بوو بەسەرت
ماڵی عیشقت کە لە سەر خۆڵی بەڵێن دامەزراند
خەبەرت بوو دەڕمێ بۆیە پەلەت بوو بەسەرت
شەربەتی تاڵی پەشیمانی دەنۆشێ ئەوی وا
شێتی پەخشانی نیگا و شێعری بزەت بوو بەسەرت
ئەو دڵەی بۆنی غەزەل مەست و ئەویندارى کرد
بە چەقۆی تیژی درۆی عیشقەوە لەت بوو بەسەرت

**ئێستە ژاکاوە بــــزەی ســــەوزی گــەڵای داری ژین**

**ئــەوە هـۆی بـۆنی رەشیی وەرزی گزەت بـوو بە سەرت**

**ماڵی پــڕ خــوێنی دڵم کردە مـەکۆی عیشقت چـــون**

**تــۆ لە نێو خـوێنی دڵم مەیلی مەلەت بــوو بەســەرت**

**هـــەر لە سێدارە دەدی تــۆ بە پەتی رێــوە نیــگام**

**چونکــە تاوانی چــەمم ماچی چەنەت بـوو بەســەرت**

**لێدە ئاوازی رەشــــــی تاڵی جـــــــودایی شمشاڵ**

**ســـەرەتای پیتی ئــەوینــداری غەڵەت بوو بەســـەرت**

هاوینی ٢٠٠٣ قەڵای هۆلاکۆ

## شۆڕەسوار

**شەو کە پێی نا سەر دڵی ئاسۆ بە چاوی مۆڕەوە**

**شۆڕە سواری ئاسمان ڕۆیی بە خوێنە چۆڕەوە**

**شەمشەمە کوێرەی رەشی شەوگار پەرست سەرشاخی گرت**

**پێم دەڵێ خۆری بزەی لێوت بنێ نێو گۆڕەوە**

**راوچییەک بۆنی سروودی دێ لە هەنگاوو نیگای**

**تاکو ماسیی بیرو بڕواتان بخاتە تۆڕەوە**

**خەج سیامەندی بە جێ¬هێشت و خەزاڵیش چەشنی شێت**

**دەم دەنێتە نێو برینی سووری لاسە شۆڕەوە**

**پایز و زستان بە خوێنی جەرگی خونچە مەست ئەبن**

**بسکەبسکیان دێ بە نووزە و شیوەن و گابۆڕەوە**

**تاکوو کوێستان و ڕەوەز باوەش بە ئەژنۆدا بکەن**

**ڕێوی شای مەیدانی شێرانن بە سەت مانۆڕەوە**

**پێشکەشی تۆ بێ غەزەل ملوانکە گریانی ئەوین**

**شینی پیرۆزە و بە ئەڵقەی پێکەنین مەیگۆڕەوە**

**٢٠٠٣ حاجی لەک**

## بەهار

دەشت و دەر مەستن لە بۆنی دڵگری بادەی بەهار

کانیاو گۆرانی ئەچڕێ بۆ کچی سادەی بەهار

رادەژێنێ بای شەماڵ دەسرەی هەزار رەنگی سروشت

دۆی گەڕی نێو داوەتی وەرزانە سەیزادەی بەهار

شوێنی شەپڵاخەی رەشی شەختەی لە سەر روخساری باخ

کردە جێژوانی گوڵ و ئاوازی بای وادەی بەهار

**چەپڵە رێزانی چڵووکی دار و گوڵ هەر بۆوەیە**

**لەم کەژ و کێوانە تۆزی مەرگ و خەو رادەی بەهار**

**تا هەموو باڵندەکان بڕوا بکەن خۆر زیندووە**

**ئێستە واباشە تەمی بەر ئاسمان لادەی بەهار**

**زۆر دەمێکە دەشت و دارستانی بێکەس چاوەڕێن**

**تاکو شاڵی کەسک و متفەڕکیان بەسەر دادەی بەهار**

**تەرکی گریانێ دەکا بولبول بزەی دەخزێتە لێو**

**گەر بزانێ دەستی ئەو دیلانە بەرنادەی بەهار**

**بەهاری ٢٠٠٣حاجیلەک**

## شمشاڵ بۆ "قالەمەڕە"

لەخەو رابوون کەژو کۆ لەگەڵ هاواری شمشاڵ

سروودی دەشت و کۆ بوو رژا لە زاری شمشال

خەمی حەیران و بەیتی گەلێکی گرتە ئەستۆ

شەپۆل ئەدا شەوو رۆژ چەمی ئازاری شمشاڵ

لەگەڵ نووزەی بەسۆزی خەج و سیامەندی زامار

بەرێژنە ئەشکی لێڵی لە چاو ئەباری شمشاڵ

بوغدان و ئەستی شینی کاکەمیر و کاکە شێخ

دەرێژنە نێو هەناوی رەش و زاماری شمشاڵ

**لەگەڵ عەبولعەزیزی خەمینی کوڕ لەدەست چوو**

**دەگێڕێ شین و دەگری دڵی نزاری شمشاڵ**

**هەوای لاوک و بەیتی خەزاڵ و ئەی رەقیبە**

**کاروانی دڵ ئەکێشێ بەرەو هەواری شمشاڵ**

**ئەوی لەگەڵ خەم و ژان بە حاستەم ئاشنا بێ**

**چرۆی خەمی دەپشکوێ بە نارەناری شمشاڵ**

**ئامێرەکانی موزیک چاویان لە دەستی تۆیە**

**لە نیشتمانی دەنگا سەرۆک کۆماری شمشاڵ**

**دەستت ئەخەیتە ئەستۆی کچی حەیرانو لێلێ**

**خۆشی لە خۆت کە دۆستی کەژ و کۆساری شمشاڵ**

**ئەگەر نەبایە پەنجەی بەهەستی مامە قالە**

**بێبەش دەبووین لە بۆن و بەرامی داری شمشاڵ**

**هاوینی ٢٠٠٣ بۆکان**

## درۆزن

جەرگی سەوزی بەهـــار خوێنی تێزاوە ئـــەنجن ئـــەنجنە

چون تازەی زانیوە شنـــەش وەکوو زریـــــان درۆزنــــە

بۆنی خـــۆشەویستی نایە لـــە بسکی هیچ ئـــەستێرەیەک

وشەی دڵناسکی غــــــەزەل ڕێگەی ئـــەوینیان لێ‌ونە

شەپۆلی چۆم دوێ شەو رەدووی گۆلاوی رەش کەوت بۆیە

کانی هەر لەسەرچـــــــاوەدا خەریکی خۆخنکـــاندنە

دەسرەی سەرچۆپی زریانە گەڵا لەسەر تەرمی بەهـــــار

شەختەی هێناوەتە ژوانی گەزیزەو سوورە گــــوڵ شنە

قرچەی هــەناوی سێبەری رووحی ماندوومە دێتــەگوێ

چونکـــــە ئەمرۆ رۆژی رەشی وادەو بەڵێنی شکــــاندنە

ئەو پەخشانە ناسکو دڵتەڕەی هێلانەی عیشقت بــوو

لە شەرمــــــــــەزاریا ئێستێ بە تاسەی خــۆسووتانـدنە

ئەو پێنووسەی وشەی لە ئەستێرەو هەتاو بۆ دەستانـدی

ئێستا حەزی لە هــــــــەڵوەرینو چـــــاوەڕوانی کوشتنە

سروودی خۆشەویستی بوو لە نێو گەرووی گــەڵای وەریو

دەیگوت ئەم رووباری عیشقە هەر لـــــــەسەرچاوە لیخنە.

کۆیە بەفرانباری ٢٠٠٤

## تەوافی مەم

**تا سەری پەنجەی هەناسەم بۆ قژی تۆ شانە بوو**

**سینگی شێعرم پڕ لە گۆرانیی گوڵ و ریحانە بوو**

**تاسەبار بینی بە کانیی عیشقەوە نابوو نیگام**

**کۆتری ماچم چلۆوکی لێوی تۆی هێلانە بوو**

**خاڵی لێوت بۆ ژوان چاوی لە شێعرم دادەگرت**

**کەس وەکو خاڵ بۆ فریودانی غەزەل وەستا نەبوو**

**تیشکی عیشقت تا لە ڕێبەندانی ژین دا دەرکەوت**

**خاکەلێوە خانەخوێی رووخۆشی ئەم وەرزانە بوو**

**شەرحی ئەو رازەی لەسەر دێڕی نیگات دەمخوێندەوە**

**قەت لە نێو تەفسیر و شەرحی هیچ کتێبێ دا نەبوو**

**لیزگە ملوانکەی بزەت تا خستە ئەستۆی شێعری من**

**کیژی هۆنراوەم لە نێو دنیای غەزەل تاقانە بوو**

**هەرچی زیاتر شەرحی دەم جوانیی قەسیدەی بەژنەکەت**

**چاترم لێ روون دەبێ ئەو شەرحە منداڵانە بوو**

**زیارەتی بەیتولحەرامی مەمکی تۆم زۆر کردوە**

**ئەو سەفا و مەروا و توافانەم ئەویندارانە بوو**

**تا بە رەحمەت نازڵت کرد ئایەتی پیرۆزی ماچ**

**جیا لە من پێغەمبەری عیشقێ لەسەر دنیا نەبوو**

**چاوی تۆ بەڵگەی پتەومە تا بڵێم خوا شاعیرە**

**چونکی هەر ئەو شارەزای تەفسیری ئەو شێعرانە بوو**

**رۆژ و شەو دەستم دەخستە مل کچی پەخشانی جوان**

**تا سەری پەنجەی هەناسەم بۆ قژی تۆ شانە بوو**

**حاجی¬لەک ٢٠٠٤**

## هەڵقرچان

ڕەشەبا هات و دڵی ناســـــکی شار هەڵقرچا

نیشتمانی دڵی پڕ خــــوێنی هەنار  هەڵقرچا

پێکەنین سیس بوو لە سەر لێوی هەلاڵە و هێرۆ

گوڵی حەیرانی کەژو دەشت و بەیار هەڵقرچا

شەوی بێ شەرمی دزێو قەڵسەیی گێڕا لە گزینگ

خوێنی کازیوە لە پێدەشت و بنار هەڵقرچا

**جێژوان بەرگــــی ڕەشی کردە بەری دار و بەرد**

**چونکە تیرێژی نیگـــای چاوی خومار هەڵقرچا**

**نیشتە سەر لێوی قەل و داڵ و چەقەڵ شانازی**

**گوڵبزەی گەش کە لە سەر لێوی بەبار هەڵقرچا**

**زیرەک و ماملێ بگرین کـــــە گوڵی گۆرانـــــی**

**پەڕبە پەڕ ئەوڕۆ دەگەڵ تاروقەتار هەڵقرچا**

**شاری بۆکان وەرە دەستت بخە مل هەولێــرێ**

**دڵی سەردارو سەدان شۆڕە سوار هەڵقرچا**

**ئەی سولەیمانی دەگەڵ شاری مەهاباد بگــرین**

**جەرگی سـەت دایک و کچی تازیە بار هەڵقرچا**

**پیلــــی ڕووبار دەبڕن لێرە بە فتـوای شەیتان**

**بۆیە شاباڵــی بزەی چۆم و کەنار هەڵقرچا**

**شەمشەمە کوێرەیە وا چـــاوی بە خۆر هــەڵ¬نایە**

تیشکی ڕۆژ بۆیە بەدەستی شەوی تار هەڵقرچا

دێـــوی پاییزی لە مێحرابی شەڕا دای¬بست نوێژ

ســـــەری پەنجەی لقــی ئاواتی بەهار هەڵقرچا

ڕەشەبای بەدفەڕی فتوایەکی کوڵکن بە حـــــەرام

هاتەکوێستـــان و حەزی چیمەن و دار هەڵقرچا

بۆیە من شینــیَ کە شایانی شەهید بوو نەمکــرد

چون زمانـــی قەڵەم و شێـــعرو وتار هەڵقرچا

" یەکی شوبات"ی ٢٠٠٤ بۆکان

"بۆ هەولێری شەهید"

## سکاڵا

**دیارە تۆ سەودات دەگەڵ سروە و شەماڵ کردوە**

**بۆیە هەستم باوەشی بۆ بەستە واڵا کردوە**

**خوێنـــــی عیشقی تێ¬گەڕاوە گوڵ¬وشەی پەخشانی من**

**کێ ئەڵێ پشتم لە چاوو بەژن و باڵا کردوە**

**پۆست مۆدێڕنن شێعری خاڵ و کورتە چیرۆکی نیگات**

**بۆیە عالەم ڕووی لە نووسین و موتاڵا کردوە**

**ئـــەو نیگایەی هێرمنۆتیک شەرح و ڕاڤەی هەر نەکرد**

**ئیستە تەفسیرم لە نێو زانکۆی خەیاڵ کردوە**

**بــــــووکی هەڵبەستم لە گێژاوی شەپۆلی پەرچەما**

**هەر مەگیرانیی بە بۆنی سەوزی ئاڵ کردوە**

**ئایەتـــــی عیشقی دەهێنا دۆینێ جوبراییلی رووت**

**بۆیە من دەستم بە کرنۆش و سکاڵ کردوە**

## "کوێستان"

شێـــــعری پاراوی نیـــگات تا تێکەڵی باران ئەبێ

کۆتری بەستەم هەقیەتی گەر هۆگری کوێستان ئەبێ

گەر بە چاوانی گەشی ئاماژەیەک بـــکا بۆ زەمان

چەرخی پیری ڕۆژگاریش تووشـــی راوەستان ئەبێ

بەفری ڕوخساری ئەگەر خاڵێکی چووکەی تێکەوێ

ڕوومەتی بێ گەردی کوێستان سەت ئەوەندە جوان ئەبێ

**دەبمە شای عیشق و ئەوین و خۆشەویستی ئەو دەمەی**

**نیو نیگای لێورێژ لە دڵداریتی لـــێ میـــوان ئەبێ**

**عیشقی تۆ میداڵی سەوزی گەردنی هۆنـــــراوەمە**

**بۆیە لەمڕۆوە لە سەر زاری ئەوینــــــداران ئەبێ**

**جێی پشووی پێشمەرگە شاخەو بەو زووانە دڵنیام**

**باوەشی کوێستانی سەوزی زێدی خۆم جێژوان ئەبێ**

**کۆیە٢٠/٥/٢٠٠٤**

## "شنە"

خۆزگە تۆ هەرگیزدڵــی هۆنراوەمت نەشکـــــــاندبا

با گوڵی ماچی لە سەر باڵی بزەی تۆ چـــــــــاندبا

تاڵ بەتاڵ تەفسیری بۆنی شێعری بسکی¬تۆم دەکرد

گەر شەوی شوومی سەفەر بەو چەشنە نەیشێواندبا

بەم شەوە تیشکی بزەت نەی¬گرتبا دەستی غـــەزەل

نێو نیشانیماڵــی عیشقی تۆم لە کێ ئـــــەستـاندبا

دەفتەری پاراو ئەکــرد هــۆنراوە باران گــەر شنــە

شادەماری هــەوری بیری شــــاعیری بزوانـــــــدبا

دەبووە گەپچاڕی هەموو ئـــەستێرەکانی ئـاسمــان
گەر گەلاوێژ خۆی لە ئاستی چاوی مـەستت نـواندبا
تۆ کە هاتی کۆتری شێعـری سپیم ئـــاوارە بـــوون
چۆن دەبوو شاعیر لەبەر پێت کۆتری هــەڵنەفڕاندبا
شێعری من رازی ئەوینی خۆی بە ئەستێران دەگوت
گـــــــەر شەپۆلی گۆمەشینی چاوی نـــەی¬خنکاندبا
خۆزگە جارێتر سروودی ســـــەوزی هەنگاوی شنە
هاتبایە و هەستی نووستوومی لە خــەو هەستاندبا
پەرچەمت ڕێزی هەبوو بۆ تیپی"پێشمەرگە"ی وشەم
تۆ نەدەبووا عاشقی ئالآت لە خـــوێن گـــەوزاندبا
ئارەزووم وابـــــوو لە دەستم هاتبایە خاڵ بە خاڵ
شێـــــعری نوێی ڕووتم بە کۆڕی شاعیران ناساندبا

## ڕازی گەلاوێژ

عیشقێ کە زمان خۆ لە بەیانی خەمی نادا

دەرکەوتووە ئەمڕۆکە لە ڕۆمانی نیگـــادا

کەس نەیدی ژوانی من و ئەستێرە لە شـەودا

نامەی "شنە" بوو رازی "گەلاوێژ"ی بە بادا

تا, پیتێ لە سەر شەرحی ئەوینی تۆ بنووسم

بـارانـــــی بە پیتی غـــەزەلی دێ بە دوادا

**لێوت کە لە دادگایی ئەوین ماچی دەدامـــێ**

**تەفسیری لە سەر پیت و وشەی مافی ڕەوادا**

**هەر سەوزە بە بارانی بزەت پەلکـــــی بەڵێنیم**

**قەت شەختە لە شابسکی تەڕی ئەو گوڵە نادا**

**تا دەستی بە تیریژی بزەی تۆ وەیە هەستم**

**لەو ڕەوتە هەتا جوانی هەبێ ئەستەمە لادا**

**خـــاڵت کە بزانێ غـــەزەلم زیزە لــــە ریوە**

**مەجبووری دەکا بێ لە هەل و مەرجی وەهادا**

**هـــەر بۆنی شنەی رستەیەکی نامەبنێری**

**هاسانە تەمی حەسرەتی ئەو غوربەتە رادا**

**بۆ کوشتنی ئەستێرە پلانی هەبوو شەوگار**

**تیشکێکی گەلاوێژی نیگات لێی لە هەرادا**

**کۆیە ٢٠٠٤**

## خاڵ

دویَ شەویَ بیَ تۆ لە نێو ئازاری خـــــەم تاوێنەوە
چۆمی فرمێسکم بە خـوڕ ئەڕژایە نێـــــو داوێنەوە
دوور لە تۆ ژاکاوە پـەلکی سەوزی پێنووسی بەهار
یەک بزەت بێتیَ و چــرۆی عیشقی لە لێو بڕوێنەوە
چەم کە نۆتـەی هاتنی پێڵاوی تـۆی بەرگویَ کەویَ
قەولـە سەت ماچـی شەپۆلـی بداتە دەم بەستێنەوە

**من لە سایەی لێوی تۆوە حـورمەتی خاڵم دەگرت**

**هیـــچ لە چـــاوی¬دا نیە جـــارێ وەبیـری بێنەوە**

**گەر لە رێی عیشقا دڵم چڕژاوە هیـــچ قەیدی نییە**

**جار و بار بەو وردە ماچـــە بۆمی تێ هـــەڵبێنەوە**

**بوونەتە حاجی خەیاڵ و هەست و بیر و عەقڵی من**

**چونکە شێتانە لە دەوری خال و مەم دەخولێنەوە**

**دوێنـــێ ماچێکم لە کانیـــــی لێوەکانی تۆ دزی**

**حەز دەکەم لێی خۆش نەبی بە زیادەوە بیستێنەوە**

**سڕ بووە زمان و نیگا نامەی ئەوین دێنێ و دەبا**

**رازی ئـــەم عیشقە لە چیرۆکی چەمم بخـوێنەوە**

# گریان١

ئەم شەو کە بە ژانی خەمی دێرینەوە دەگریم
وەک مەم بە هەوای بۆنی کەزیی زینەوە دەگریم
تا گــۆڕی ئـــەوین و بـــزە بێ خـــاکی وڵاتم
وەک هــەوری بەهاری بە گوڕ و تینەوە دەگریم
زامـارە دڵی سەوزی چـــرۆی شێعری ئەوینم
بێ ئۆقرە بە ژانی هەرەسی ژینەوە دەگـــریم

**شاردوومنەتەوە زام، لە ژێر زەردەخـــەنەم دا**
**ئەمڕۆ بە بزەی رووکەشی خەمگینەوە دەگریم**
**پایز کە لەسەر گۆڕی گەڵا چــــۆپی دەکێشێ**
**کانیم و بە ناڵەی چەمی ئەســرینەوە دەگریم**
**چاوی وشـــەکانم کە پڕ ئەسرینە لە عیشقت**
**بۆ سەیرە کە ئێستێ بە خەم و برینەوە دەگریم**
**گیانم لەگەڵ ئەم کۆچە دەبەی بۆیە لە دووریت**
**شێتانە بە شوێن حەسرەتی شیرینەوە دەگریم**
**هاتوونەتە گریانێ بە ناڵەم رەوەز و شـــــاخ**
**ئەم شەو کە بە ژانی خەمی دێرینەوە دەگریم**

## گریان٢

دوێ شەو کە دڵی من بە کوڵ و ژانـــەوە گریا

ئەستێرە بە زام و خـــــەمی هەورانـەوە گریا

شەو مەست بوو لەسەر تەرمی هەتاو چۆپیی دەکێشا

مانگ رۆیی بەسەر حەسرەتی کێوانەوە گریا

ئەسرین کە وەکوو تاڤگە لە دیدەی وشە ئەڕژا

دەریا بە هەنیسکی دڵی بارانەوە گریا

**کانیلە سەری وردە شەپۆلی کە لە هەش نا**

**دڵپڕ ِ بە بناری خەمی کوێستانەوە گریا**

**ئەنفالی بزەی کردووە کۆچی لە نەکاوت**

**لوتکە و رەوەزی شاخ بە جێژوانەوە گریا**

**گەوزیوە لە خوێنی دڵی خۆی عیشقی شەهیدم**

**خاکیش بە زمانی هەموو یارانەوە گریا**

**دوێنێ کە چپاندم خەمی ئەو عیشقە بە گوێی دا**

**زریان بە هەناسەی سڕی زستانەوە گریا**

# گەلاوێژ

**شەوگار بە بـزەی عیشقەوە دەدوێنێ گەلاوێژ**

**خونچـەی غەزەلی تاسە دەپشکوێنێ گەلاوێـژ**

**بیستوومە بە گوێی مانگەشەو و شار و شەقاما**

**چیرۆکی ئەویـنداری دەچـــــــرپێنێ گەلاوێژ**

**ئەستێرە هەموو چاو لە دەمی شیرنی دەبڕن**

**تا لێـــوی گزینــــگێکی ببــــزوێنێ گەلاوێژ**

**شەرحی غەزەلی خاڵی بە من ناکرێ چ بکەم**

**بەو تیشکە زمانـــی وشە دەشکێنێ گەلاوێژ**

**گفتی ئەبەدیم دا بە شنەی ســەوزی بەهارێ**

**جامی جەمی ئەم گفتە دەچـــڕژێنێ گەلاوێژ**

**دەریا بە تەمای شینە شەپۆلێکی نیگای بوو**

**تا دەستێ بە زولفی حــەزی دابێنێ گەلاوێژ**

**سەت خۆزگە لە ئامێزی شنەی وەرزی ئەویندا**

**ئازاری خـــــــەمی ئێمە بلاوێنێ گەلاوێژ**

**شێواوە رەدیفم بە بـــــزەی شاغەزەلی خاڵ**

**بۆو باسە وشە و هەست و عەقڵ کەوتنە راوێژ**

**کۆیە پایزی ٢٠٠٤**

" **دەريا** "

**بەهاری بۆ دڵم دێنا بزەی چاوی گەشی دەريـــا**

**غەزەل نوێژی ئەوينی خوێند لەبەر خاڵی رەشی دەريا**

**خەم وژانم لە پەيكی ئاڵی شێعرێكا بەسەر داكرد**

**بەڵێنيم دا نەدەم لەو ژانە تۆسقاڵێک بەشی دەريــا**

**لە حاستی چاوەكانی ئەو سەرم داخستبوو دۆينێ**

**دەترسام دابرووشێنێ، نيگام كۆڵمەو لەشی دەريــا**

**کەنارو ڕوخ و بەستێنی تـــەنی لێمان کزەی پـــاییز**

**دەبێ یەکجاری جێ بێڵم بەهشتی باوەشی دەریـــا**

**کە زنجیری وەفای خستۆتە ئەستۆی کیژی هەڵبەستم**

**لە دڵدا هەر هەڵی¬دەگرم ئەوینی سەرکەشی دەریـــا**

**" شیلە بزە "**

کە وەسەر کەوتی لە سوێی روون و گەشی منداڵی
خۆر بە برژۆڵــی گزینگ کووچەکەتـــانی مــاڵی
دای لە قەندیلی خەمی کۆنە بروسکەی بزەیەک
تەمی سەر روومەتی ئیحساسی هەموو رامـــاڵی
چۆن قەسیدەی قژی پڕ پێچ و خەمی راڤە بکەم
کە قەڵەم کۆڵە لەحاند شەرحی وشەی یەک تاڵی

**یەک دڵۆپ شیلە بزەت کــەوتە دڵـــــی ئاوێنە**

**خەم و ئازاری ئەدی هەڵ¬دەوەرین شابالّی**

**حەجەرول ئەسوەدی ئەو خالّەتی دیبا سۆفی**

**قەت بەرەو مالّی خودای ڕانەدەخست بەرمالّی**

**کۆیە٢٠٠٦**

## دەریا ٢

دەباری خۆشەویستی لە چاوی شینی دەریا
ڕژایە رۆحی بەستەم ریژنەی ئەوینی دەریا
خەریک بوو دەستی زستان گەرووی هەستی ئەبەستم
فریام کەوت بەهاری بزەی بە تینی دەریا
چۆپیی کێشا بە دەسرەی شەپۆلی خۆشەویستی
وشەی پەخشانە شێعرم لــە هەڵپەڕینی دەریــا

**شین و شەپۆڕی شێعری شەوانی شوومی دووری**

**نەمـان بە دەنگی سەوزی یەک پێکەنینی دەریـا**

**من بوومە خــاک و خۆڵــی رۆخ و کەنــار و بەستێن**

**کردم لە خۆشەویستی و ئەوین ،پەرژینی دەریا**

**وەکوو جــاران شەپۆلــی کەزی نادەن بوارم**

**کە خۆم باوێمە گۆمی سینەی بەرینی دەریا**

**لەگەڵ دوایین هەناسەی بەهاری خۆشەویستی**

**دەستــی زریانێک دەمبا بۆ خۆرنشینی دەریـــا**

**دەبینم لێڵە ئیستێ نەینووکی• چاوەکانت**

**برۆ: با تەرمی هیوا و ئەوین نەبینێ دەریا**

**" دەریا٣ "**

**کـــــە چاوت بۆ عیشقی چڕی سروودی شینی دەریایی**
**دوا هەناسەی پەژارەم بوو لە سەر روخساری تەنیایی**
**دڵۆپێکـــی بـــــزەت ریشەی خەمی بڕی لـــە ناخمدا**
**لـــە خوێنم دا رەگاژۆی کـــــرد ئەوینێکی ئـەهورایی**
**هەتاو کەزیەی تیشکی لە بەر روخساری تۆ شانە دەکرد**
**کە هاتی مانگ و ئەستێرە کردیان بە گۆوەند و شـــــایی**

**پێنووسەکەم بە بادەی باسی ئەم عیشقە بووە سەرخۆش**

**رۆحـــــی شێـــــعر کرنۆش ئەبا بۆ بەڵێنی تا هەتایی**

**کە دەم دەنێن بە گۆی مەمکی کانیی خۆشەویستیتەوە**

**وشەی بیانووگری غەزەل زمـــــان دەگرن بە ساوایی**

**لــــە ئەنگوستە چاوی شەوی تەنیاییدا بوو تێ¬گەییم**

**سوژدەی برد بۆ گەلاوێژی گەشی نیگات تـــاریکایی**

**رازی شینی دەریـــــام بۆ لێک¬دەداتەوە چاوی گەشت**

**ئەم چیرۆکە تەنیـــــا دەگەڵ مەرگی مندا دێتە دوایی**

**شەپۆل ئەدا لە نێو سینگی وشەم دا خۆشەویستی تۆ**

**لە سایەی نیو نیگات راڤەی عیشق ناگاتە کۆتــــایی**

**ئەگەر چـاوت خەوی دەریای بە مەستی لێک نەداباوە**

**هەواڵی مەرگی ئەم عیشقەم دەبوو بە شتێکی ئاسایی**

## " دەریا ٤"

**لــــــــەشاری دڵ بڕۆ دەر بەجێم بهێڵە دەریــا**

**چیدیزەوینی هیوام بە خەم مەکێڵە دەریــا**

**چەقۆی رەشی ئەوینت پەپوولە شێعری کوشتم**

**چەمی بەڵێن و وادەت دەمێکە لێڵە دەریــا**

**هەمیشە شەرمەزارن وشەی وتار و شێعرم**

**لەبەر وەی ناوی تۆیان لە سەر تەوێڵە دەریا**

سەرابی گوڵ¬بزەت بوو لــــــــەم قاقری ئەوینە
نەی¬هێشت بڵێم کە دەستی وەفات بە فێڵە دەریا
شێعرم دەچێتە شوێنێک وەفا و عیشق لەوێ بن
خەیاڵ مەکە، کە هەروا لە دووی تۆ وێڵە دەریا
خەمین و توورە ئەم شەو وەرەق وتی بە پێنووس
توخوا مەنووسە چیتر لەسەر رەهێڵە دەریــــا
٢٠/٣/٢٠٠٦کۆیە

## "دەریا ٥"

**شینم لەسەر دەگێرێ سەمایی چاوی دەریا**

**هەوێنی ژینە بسکی تێک ئاڵۆزاوی دەریـــا**

**سرووودی ڕوونی تیرێژ بۆ مانگ و خـــۆر ئەخوێنێ**

**پرشەنگی شێعری سەوزی بزەی بە تاوی دەریا**

**دڵـــــم بە شیری مەمکی ئازادی فرچکی گـــــــرت**

**لە نێو شوورەی ئەوین و زیندان و داوی دەریـــــا**

**سەری لە کەشکەشانی فەلەک دەساوی کوێستان**

**تواوە کاتێ بیستی لە شێعر ناوی دەریا**

**شنەو ڕووبارو کانی خەمینە وەک دڵـــــــــــی من**

**لە بەر سرشکی ڕوونی چەمی پڕئاوی دەریـــــا**

**قەڵەم بەزی لە شەرحی شەپۆلی شینی چـــاوت**

**برۆ و مژۆڵ و زولفت بۆی بوونە ڕاوی ، دەریـا**

**دەگەڵ شنەی ئەوین و بزەی وشەی قەسیدەم**

**بە بەژنی بێ قەراری زەمەن بڕاوی ،دەریـــــــا**

**مەرگ نەکارێ ناوت بزر بکــــــــــا کە لێرە**

**لە نێو وشەی غەزەل دا حەشار دراوی، دەریـــا**

**٢٠٠٦/٨/٩ کۆیە**

**بەژن**

**لە ئاسۆی روونی کازیوەی ئەوین**

**مەستی چیرۆکی بزەی ئەو لێوەم**

**دوور لە تیریژی بەتینی چـــــاوت**

**سڕ و کەسیرەی سەرما و کڕێوەم**

**ئاسکە کچـــــانی نیشتمانەکـەم**

**لە سای ئێوەیە هێشتا بەپێوەم**

**کانیلەیێکـــــــــی روون و زولاڵم**

**بەرەو ئامێزی دەریا بەرێوەم**

***

**با کڕنۆش بەرن بۆ تۆزی بەر پێت**

**ســــــروەی بەهارو شەماڵ و شنە**

**چـــــــاوت هەڵێنە و ونم کە گیانە**

**لـــــــە نێو ئەم دەریا قووڵو بێ بنە**

**چـــاوی تۆ رازی عیشقی لە قاودا**

**نیــــــــگات ئاوێنەی ئەوینی منە**

**کە تۆم لێ دوور بێ نەتەنیا شێعرم**

**بەڵکوو ناسنامەی خۆشم لـــــــێ ونە**

***

**شێعری بەهارە شۆڕەبیی بەژنت**

**هاتووم پشوو دەم لە بن سێبەریا**

**خۆری روخسارت کەعبەی ئەوینەو**

**دڵــــــم خول ئەخوا لە دەورو بەریا**

**ئیزن دە جــــــارێ شنەی بەیانی**

**تـــــــۆزی رێگەکەت بکا بەسەریا**

**کە چاوی توم دی وەها نوقم بووم**

**هەموو جیهانم لێ بوو بە دەریـــــا**

***

**لـــە نیشتمانی سەوزی ئەوینا**

**تیرێژی خۆری پیرۆزی ئـــاڵای**

**بــۆ ژان و خەمی شەوانی دووریم**

**ڕووگەی خودایــی راز و سکاڵای**

**تــۆ چیرۆکێکی پڕ لـە هێماو ڕاز**

**بــۆ من باشترین بیانووی موتاڵای**

**بەرزی هەر وەکوو ئاڵای نیشتمان**

**خەڵک چۆن دەڵێن تۆ کورتە باڵای**

**کۆیە٢٠٠٦**

## كازیوە

بــــــزەت پەخشانەكی پڕ نێوەرۆكە

دڵی سڕبووی زەمانی دا ختۆكە

كە دەركەوتی لە ئاسوی سەوزی كوێستان

وەرە چاوێ لە كڕنۆشی چرۆ ، كە

لە دووت ئاوارە بوون پەخشان و شێعــــرم

وشەی سەوزی ئەوینم بــۆ وەخۆكە

خــــــــــەم و ژانم لە دڵدا بێ ژمارن

**بەڵام تەنیا خەمی عیشقت سەرۆکە**

**دەسی هاوارو ژانت هەڵ¬وەراندم**

**ئەگەر دەکرێ پەژارەش دەستەمۆ ، کە**

**دڵی بیزار لە شەو ئازاری دووریت**

**بە تاسەی دینی کازیوەی بەرۆکە**

**شەپۆلی یەک نیگام دی تێ گەیشتم**

**لە چاوتدا زریبار یەک تنۆکە**

**چلۆن بێژم لەمن دووری کە عیشقت**

**لە خوێنمدا دەسووڕێ وەک خڕۆکە**

**بەراستی کۆتری مەمکت بزۆزن**

**لە ژێر ئەم تەنکە هەوریشمە خزۆکە**

**بزەت ئیمزای خودایە :تۆ سەری خۆت**

**ژیانم بۆ لە دەست مردن ڤیتۆ کە**

## بێ هیوایی

**حەیرانی زەردی هەڵوەرینی خوێند گوڵێک بە ئەسپایی**

**هاتبۆ بەر دەرکی بەهار  بۆ دواوتەو ماڵ ئاوایی**

**خەونی هەڵوەریوی باخم لە چاوی سروەدا بینی**

**سینگی پڕ بوو لە چیرۆکی سەوز  و ناسکی ساوایی**

**شینە شەپۆلی نیگایەک نەیدا لە روخساری غەزەل**

**بۆیە هەر لە سەر چۆپی ڕا لێم بوو  بەشین گەڕی  شایی**

**تازە کانی خەونی لێڵی زەریاکان لێک ناداتەوە**

**لە دەفتەری شەپۆلی دا نەما وشەی دڵنیایی**

**ئەم وەرزە هیچ پەپوولەیەک ناچێتەوە ژوانی زەریا**

**بەژنی بەهاری تێک شکاند شنەیەکی لە خۆبایی**

**شیری درۆی بۆ کوشتنی وادەو بەڵێنی هەڵ¬کێشا**

**رێگاکانی خۆشەویستی گەیاندووە بە کۆتایی**

**پەڵەی رەشی درۆی عیشق بەسەر لاجانگی خونچەوە**

**شنە پێی شەرمەزار نابێ بۆی بۆتە شتێکی ئاسایی**

**ئاسمانیش لە درۆزنیی تیشکی گەلاوێژ تێگەیی**

**بۆیە ئێستا دەست دەکاتە ئەستۆی کچی تاریکایی**

**وشەی پەخشان و شێعری نوێ حەز ناکەن ناوی تۆ بێنم**

**هەموو سەریان کردۆتە سەردێڕی رەشی بێ هیوایی**

**شێعرو پێنووس و دەفتەر و بەهار و عیشق و پێکەنین**

**دەستەملانی یەکترن بە نیازی گەردن ئازایی**

## "دەریا ٦"

**گەر دەتزانی دڵت وەکوو پاساری یەکی بێ هەوارە**
**هەر چوار وەرزی دڵۆڤانیت سڕ و زەرد و بێ بەهارە**
**گەر دەتزانی جێ هەوارت بێ ماڵ ئاوایی وێڵ دەکەی**
**بە لافاوی رەشی رقت دڵی دەریاکان لێڵ دەکەی**
**گەر دەتزانی تریفەی عیشقت دوا ئەستێرەی شەوگار ئەبێ**
**لە سەر سینگی یەکەم هەوراز پشووی بەلێنت سوار ئەبێ**
**گەر دەتزانی بەژنی عیشق و قەول و وەفای کاڵ و کرچت**

**گشت لاواز و کورتە باڵان وەکوو چەمی شێعری پرچت**

**نەدەبوایە ناوی دەریات نابایە سەر زاری شێعرم**

**با هەر تەنیا ناڵاندبای روحی پڕ ئازاری شێعرم**

**نەدەبوایە وەک خوای ئەوین خۆت ناساندبا بە هۆنراوەم**

**خۆت نەکردایە قیبلەگای ئەم شێعرە سەرلێشێواوەم**

***

**نەمم دەزانی شنەی بزەت بۆ سەر برینی گوڵ و چرۆ**

**وەرزی بەهار تیرۆر دەکا بە ئایەت و سووڕەی درۆ**

**پێم وابوو تۆ خودای عیشقی لەم قاقڕەی ئەوینەدا**

**بەختەوەرم گەر بخنکێم لە نێو ئەو گۆمە شینەدا**

**کە تۆ هاتی وشەی شێعر کردیان بە گۆڤەند و شایی**

**نەپشکووتن گوڵی سڵاو بوویتە شەختەی ماڵ ئاوایی**

***

**پێم وابوو جوانترین شێعری**
**بەراستی وەمزانی دەریای**
**دووتوێی دەفتەر و نامیلکەی**
**پێم وانەبوو تراویلکەی**

**بانەمەڕی ٢٠٠٦ کۆیە**

# بەڵێن

**دەستێ بێنە بە زولفتدا**

**با تەمی خەم لە رووم لاچێ**

**بەڵێن دەدەم**

**مەمکت بکەیتە پێشنوێژم**

**هەتا من بم**

**سەر بچێ نوێژم ناچێ**

## برۆ

گوڵەکەم تاکوو بزەت لێرە نەژاکاوە برۆ
جامی هیوام لە هەموو لایەوە چڕژاوە برۆ
خوانەکا خەم لە نیگای تاسە بنیشێ گوڵەکەم
تا سەری بەو دڵە پڕ مەینەتە خافڵاوە برۆ
بەردی شەو لێرە دڵی تیشک و گزینگ دەشکێنێ
تا بە پیلان و دەهۆ خۆر نەکوژراوە برۆ
کۆڕی ئەستێرە لە سەر تەرمی هەیڤ رەشپۆشن

**خەم لە جێژوان و هەوار خێوەتی هەڵداوە بڕۆ**

**چەند دڵم خۆشە کە تۆ خوێنەری هەڵبەستی منی**

**ئێستە پرچی غەزەلم بەو خەمە شێواوە بڕۆ**

**لێرە دڵداری گوناحێکە کە لێی خۆش نابن**

**بە شەوێکی رەشی وەک ژینی مە شاراوە بڕۆ**

**تازە ئەسرینی رژاو نایەتەوە نێو دیدەم**

**جێت لە نێو چاوی غەزەل خاڵییە تا ماوە بڕۆ**

**دێن لەسەر گۆڕی ئەڤین هەڵدەپەڕن بۆیە دەڵێم**

**گوڵەکەم تاکوو بزەت لێرە نەژاکاوە بڕۆ**

**ماچ**

**چاوی تۆ دەستی غەزەل نەگرێ لە بن پەرچەمەوە**

**چۆن لە سەردێڕی نیگات رازی عیشق لێک دەمەوە؟**

**تاقــــە ماچێـکی تـــــەڕم ئەوشەوە لەو لیــــَوە دزی**

**حـــازرم ئێستێ لەگەڵ گیان و ســـەرم بیدەمـەوە**

**چێژی ئەو ماچە بە نێو خوێنی غەزەل دا دەگـەڕێ**

**بۆیە دێ دەنگی بژی عیشقێ لە نێو جـەستەمــەوە**

**من ئەگەر ماچی دەمی ئاسکی هۆنـراوە نـــــەکەم**

**ئــەستەمە لاپەڕەیەک دەفتەری ژین هەڵ دەمــەوە**

**گوڵبزەت پـرچی رەشی ژان و خـــەمی هـەڵ¬پاچیم**

**لێوی بەخشەندە بە ماچە دەبێ چاکەی دەمـەوە**

**جوانیی بەخشیوە بە لێو شیلە بزەت هــەربۆیەش**

**هێند لە خـۆ باییە ئــەو خاڵە بــە ئاسۆی دەمـەوە**

**شەرحی یەک تاڵە دەزووی تیشکی نیگاتن هەموان**

**مانگ و ئەستێرە و تاو گشتی بـە کانی و چـەمـەوە**

**خاڵی ســەر گەردنی تـۆ داویە ختیلکەی غـەزەلم**

**چۆن بە کرنۆش و بە ماچ قەرزی ئەوین نادەمەوە**

**شیوەن**

**"بۆ شەهید د.قاسملوو"**

**خەمبارە دڵی مێژوو بەدەم ژانەوە دەگری**
**گڵکـــۆ بە چڵی زامی شەهیدانەوە دەگری**
**قەندیل لە تەمی گرتوە لوتکەو رەوەزی خۆی**
**شاهـــــــۆ بە زرێباری مەریوانەوە دەگری**
**ئەستێرە خەمی مانگی لە نێو باوەشی دایە**
**بێ ئۆقرە بە ناڵەی شەوی زستانەوە دەگری**

**خنکاوە هەنیسکی هەور ئەمڕۆ لە گەروویدا**

**کانـــــــی بە بناری کەژ و کێوانەوە دەگری**

**هەڵگورد چەمی ئەسرینی لە دیدەی وەکوو لافاو**

**دەڕژێت و بە هاژەی خەمی سیروانەوە دەگری**

**سۆرانیی لەهەش ناوە سلێمانی، هەڵەبجەش**

**هاودەنگی مەهاباد بە موکریانەوە دەگری**

**ورمێ دەکوڵێ ئەمڕۆ لە نێو گۆلی گلێنەی**

**تاساوە دیاربەکر و بە دەم وانەوە دەگری**

**هاوینی ٢٠٠٧**

## خۆزگە

**گەر بە هەودای زولفی تۆوە فێری دارەدارە بام**

**مافی خۆم بوو تاقە شێت و شاعیری ئەم شارە بام**

**موو بە موو جەستەی سڕی من بۆتە چاو بۆ دیتنت**

**بۆ ئەوەی تێر دیتنی ئەو بەژن و لەنجەو لارە بام**

**تاقە ماچێکت ئەوەندەی تین ئەدامێ کۆڵ نەدەم**

**با بە تەنیاش هەڵگری ئەو حەسرەت و ئازارە بام**

**هێند بە ئارامی دەسی خستۆتە ئەستۆی گوارەکەی**

**من دەڵێم خوایە مرۆڤ نەبوام و جووتێ گوارە بام**

**چی دەبوو وەک نوقڵی واژەی سەر چڵۆکی لێوەکەی**

**لەحزەیەک میوانی تینووی ئەو بەهەشتی زارە بام**

**لووزەوی بەستوە لە چاو ئەسرین و بەو حاڵەش دەڵێم**

**خۆزگە تۆزی دەم شەپۆلی روونی ئەو رووبارە بام**

**٢٠٠٨**

## سڵاو

**خۆرە تاو توسقاڵێ وەک ئەو چاوە مەستەی گەش ببا**

**ئەستەمە شەو لەم گەشی و رووناکی¬یە بێ بەش ببا**

**کێو هەموو وەک بەفری بەردەستی بەهار دەتوانەوە**

**لەم خەم و ئازارە تۆزێکیان بەسەر دا بەش ببا**

**سوورە گوڵ ئێستا سڵاوی رێژنە ناسێنێتەوە**

**نایەوێ مننەت لە ئەم لێمشتی فرمێسکەش ببا**

**یەک دڵۆپ ئەسرین لە چاوم دا قەتیس ماوە و دەڵێم**

**خوایە گەر رۆیی لەگەڵ خۆی نووری دوو دیدەش ببا**

**لێرە کۆتایی دەهات چیرۆکی گریان و خەمم**

**لێ¬گەڕابا ئەم دڵەی من تێر خەوی باوەش ببا**

**خاڵی لێوی هێندە ئارام نووستبوو ئێستاش دەڵێم**

**خۆزگە من بایەم لە جێی ئەو خاڵەی و رووم رەش ببا**

**رێی دڵی دابام لە نێو خەرمانی پرچی نووستبا**

**خۆی بە رزگار بوو دەزانی گەر لەوێ کۆیلەش ببا**

**هاوینی ٢٠٠٨**

## نهێنی

بەیانی عیشقە تیشکی نیگای هــەتاو و ساوی
کە دەرکەوت لە ئاسۆی تاریکی هەوری خاوی
لە ئاوێنەی هەتاوا ئەوەندە سەیری خۆی کــرد
دڵی تەقیوە تیرێژ لە تیشکاوێــــــــژی چـاوی
قومێ لە ماچی لێــوم بداتـــێ دادەمرکێـــــــم
دوور ناکەوێ ئیتر لێم بەهاری ســــــــــەوزی لاوی

**بۆوەی نەژاکیّ پەلکی بزەی سەوز لە لێــــوی**

**لە فرمێسکــی غەزەل دا حەشـــــارم داوە نـاوی**

**دوو مەمکی راوکەری وی چ شێـــوە کۆتـــرێکن**

**کە دڵ نەجاتی نابـــیّ لە جەغـــزی داوو راوی**

**دڵی چڕاژاوی شێعــری خەمینــــی راز دەڵێنم**

**بە ماچیّ چارە دەکریّ لەگەڵ قەولی شـــــکاوی**

**٢٤ی گەلاوێژی ٢٠٠٨**

## مەمک

**تا لە سەر سینەت بووە خەرمانی ئەگریجەت بڵاو**

**مووبەمووی جەستەم لە تاوان بۆ تەماشای بۆتە چاو**

**من بە هەڵبەستم دەگوت باسی ئەوینی تۆ نەکەن**

**دیم وشەی ئەسرینی روونم رازی عیشقی دا لە قاو**

**چاوی تۆ زانکۆی ئەوینـــە بۆیە دەرناچـــێ دڵــم**

**مەمکی تۆ دوو کۆترن سەت راوچییان خستۆتە داو**

**تاڵە تیشکێکی بزەت لەو لێوە دەرکەوت دوێ شەوێ**

**تا بە یانی مەست و سەرخۆش پێکەنین مانگ و هەتاو**

**بۆنی مەرگی لێدەهات ئەم شارە ئەمما یەک نیگات**

**باسی عیشق و جێـــژوان و ماچی تێـــدا کردە باو**

**هێندە تامەزرۆ مەمی تورتی چرۆی دەمژی بەهار**

**کانی زاری پڕ لە ئاوو و گێژ و حەیران بوو شەتاو**

**باسی خاڵی تۆم کە بردە کۆڕی گەرمی شاعـــــیران**

**گشت لە خۆچوون دەفتەرو پێنووس¬و شێعری نووسراو**

**یەک بە یەک هەڵبەستی من باسی جوانیتن کەچی**

**گشتی داماون لە وەسفت چەشنی ئاوێنەی شـــکاو**

**خەزەڵوەری ٢٠٠٨ی هەتاوی**

**فرمێسک**

**بەرهەمی عیشقت ئەگەرچی غەیری ژان و خەم نییە**

**جیا لە ماچی لێوەکەت بۆ زامی من مەڵحەم نییە**

**چۆمی رۆندک جیا لە تۆ وێنەی لە چاوم دا نەهێشت**

**بۆیە کەس وەک خۆت بە دیدەی شێعری من مەحرەم نییە**

**هەر ئەوەندەی رۆژ و شەو میوانە لێم دەرد و خەمت**

**بەڵگەیە بۆوەی بڵێم ئەو شۆخە لوتفی کەم نییە**

**جیا لە ئەسرینێ کە وا پەرژینی چاوی کردووم**

**دیمەنی هیچ جوانییەک ئێستا لەبەر دیدەم نییە**

**شادە دڵ چونکی وتووتە دەی¬کوژم گەر بێتە لام**

**دێتە لات هەرچەندە لەم بڕیارە خاترجەم نییە**

**ئەستەمە مانای ژیان و خۆشەویستی تێ بگا**

**ئەو کەسەی وا فێری چێژی ماچی خاڵ و دەم نییە**

**عەقڵی شاعیر خۆی وەباڵی گەردنی کێشا ، وتی**

**هیچ حەجێ خێری بە ئەندازەی تەوافی مەم نییە**

**چەند وردە شێعری سەربەخۆ**

**ماچێکم کردی زۆر بە هەستەوە**

**گەر پێت ناخۆش بوو ها ماچم کەوە**

***

**کە شێعری ناسکی پێڵووت ئەبزوێ**

**قەسیدە و شێعری نوێ ئەڕژێ لە چاوت**

**دڵی پڕ ژانی شێعری هەڵ¬دڕیوم**

**لەتی شووشەی بەڵێنی تێکشکاوت**

***

**خۆزگە یەکەم تیشکی نیگات پڕ لە قین و هەڕەشە با**

**ناوت زریانێکی دڕی دژی پشکوتن و گەشە با**

**ئێستێ هەناسەی غەزەلم پڕە لە مەرگێکی نامۆ**

**چون ئەزانم رۆژێ دادێ شنەش ئەبێ بە رەشەبا**

**دوێ شەو تا دەم بەیانی**

**خـــــەو لە چاوانم زڕابوو**

**خۆزگەم دەخواست بەو کتێبەی**

**دوێنێ بە سینگتەوە نابوو**

***

**گلەیی دەکەی کە رازی عیشقت**

**بۆچی لەسەر گشت زمان و زارن**

**گلەیی مەکە تۆش چاوەکانت**

**وەکوو شێعری من زار بە هاوارن**

***

**لەسەر ماچێ کە نەم کردوە لە لێوت**

**بڵێ بۆچی لەمن زیز و زویری؟؟؟؟**

***

**وردە خاڵی مەسحەفی رووی تۆ بەڕیز هاتوونە خوار**

**چۆن سەرنجم رانەکێشن هەر لە شێعری نوێ دەچن**

***

**کە حوکمی تاڵی تەبعیدم بە مۆڕەی چاو دەکەی ئیمزا**

**لەگەڵ ئازار و ژانی سەردەمی دووری چلۆن رابێم**

**بوومە پێشمەرگە بۆوەی تامردن**

**پڕ شانازی بێ ئەم کورتە ژیانە**

**چ بکەم دەست¬کورتم چیم لەدەست نایە**

**خوێنم خەڵاتی رێی نیشتمانە**

***

**هەڕەشەی دوژمن قەت نام¬ترسێنێ**

**هاوڕێم باوەڕ و چەک و چیایە**

**هەروا سەربەرز راوەستە ئەی شاخ**

**دەستم لە ئەستۆی سەنگەرت دایە**

***

**بۆ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە**

**تۆ لە نێو کۆڕی گەشی ئەستێران**

**خۆرەتاوێکی لە دووررا دیاری**

**هاتی جێگەی تۆ لە دڵماندایە**

**باوەڕی پێیە وشەت بە دیاری**

## رۆژی پێشمەرگە

**بیستوشەشی سەرماوەزم**

**رۆژی تین و گوڕ و تاوم**

**لە نێو گلێنەی مێژوو دا**

**ئالآیەکی هەڵکراوم**

**ئەمنیش وەک رۆژەکانی تر**

**لە خوێنی سوور وەردراوم**

**بەڵام بۆوان جێی شانازیم**

**تاجی سەر و سۆمای چاوم**

**چونکی هەر من لە نێویان دا**

**بە ناو پێشمەرگەوە کراوم**

## چاو

**بە چاوت ئاسمانم ساوە ئەمڕۆ**

**لەشم یەکسەر لە خۆشیان چاوە ئەمڕۆ**

**بە ترپەی پێت نەما لەم باخە زستان**

**بەهارێ تر سەری هەڵ داوە ئەمڕۆ**

**بە مرواری بزەی ئەسرینی باران**

**بەرۆکی سوورە گوڵ ڕازاوە ئەمڕۆ**

**لە بەر پێت خۆر و مانگ شانازییانە**

**سەریان بۆ بەردەباز داناوە ئەمڕۆ**

**لەسەر سینگی سپیی بەفرینی کوێستان**

**گوڵی شەوبۆ چرۆی دەر داوە ئەمڕۆ**

**چڵی بسکی گەزیزەی دەم کەنارێ**

**لە بەژنی شێعری تەڕ هاڵاوە ئەمڕۆ**

**تریفەی مانگی داوەت کرد شلێرە**

**دیاریی بۆ هەتاو هێناوە ئەمڕۆ**

**شنەی دڵتەڕ کەزیی گوڵ دادەهێنێ**

**قژی نەرمینی ئاڵۆزاوە ئەمڕۆ**

**لە ئاسکی هەستی ناسکی من مەپرسن**

**کە گیراوە بە یەک هەوداوە ئەمڕۆ**

**لە شیرینیی ژیانی پڕ لە تاڵیم**

**گوڵم هەر عیشقی تۆم پێ ماوە ئەمڕۆ**

**لەسەر گوڵ هەڵ دەنیشێ پەڕپەڕۆکێ**

**کە تەلبەندی سنووری شکاوە ئەمڕۆ**

**لە ئەسرینی چەمی هەڵبەستەکانم**

**کەزیی گشتی خەیاڵم خاوە ئەمڕۆ**

**لە سای پەخشانی کەزیەت شێعری دڵتەڕ**

**رەدیف و قافیەی شێواوە ئەمڕۆ**

**بە شانازی تەوێڵی لێ دەساوم**

**لەهەر جێ¬یەک کە پێت داناوە ئەمڕۆ**

## چاوەڕوانی

**گەر بزانم چاوەکەت بۆ کوشتنم پێشەنگ ئەبێ**
**پێکەنینیشم لەگەڵ نۆتەی ژیان هاودەنگ ئەبێ**
**گرژ و مۆنیش بێ ئەگەر روخساری نارێکی ژیان**
**یەک شنەی ئەشقی بەسەردا بێنی شۆخ و شەنگ ئەبێ**
**گەر هەموو جوانیی زەوی تێکەڵ بە مۆسیقا بکەن**
**جا لەگەڵ تۆزی بەری پێڵاوەکەت هاوسەنگ ئەبێ**
**چاوەکانیشم بەخیلیان دێ بە یەک بۆ دیتنت**
**هەر کەسێ تۆی خۆش بوێ، وەک ئێمە بەرچاوتەنگ ئەبێ**
**خاڵی لێوت قافیەی شێعری خودایە و من دەڵێم**
**بێت و داپۆشی لە دنیا وەزنی عالەم لەنگ ئەبێ**
**با کەژ و کێوان بە ناڵەم نەبنە ئاو خێرا وەرە**
**چون لە ئامێزی ئەوینا ئەو دڵەم بێدەنگ ئەبێ**
**هەر نەهاتی تا رەدیفی شێعرەکەم شێوا کەچی**
**شێتە دڵ هەر چاوەڕێیە و پێم دەڵێ نا رەنگە بێ**

## حەز

**تۆ کە دێی ئەمنیش وەکوو کۆڵان و شۆستە حەز دەکەم**

**گوێ لە مۆسیقای گەشی هەنگاوەکانت هەڵ بخەم**

**خەونی تیریێژی هەتاوت بۆ لە ئاسمان داگرم**

**چەپکە ماچێکی بەهاریت لەو دەم و لێوەی بدەم**

**خۆزگە دەتزانی بە نۆتەی سەوزی هەنگاوت چلۆن**

**گیانی شیرینی وەبەردێ پەلکی ژاکاوی بزەم**

**هێند لە دەوری لێوەکەت فەرهەنگی خاڵم خوێندەوە**

**چیی وشەی ماچ و ئەوینن، بوونە سەروای شێعرەکەم**

**خۆزگە بەو دەرزیلەیەی وا زێرەڤانی سینەتە**

**رۆژ و شەو چاوی لە تۆیە ئێرەیی چۆن پێ نەبەم**

**هەر دەڕۆم و ئەو خەیاڵە مێشکی داگیر کردووم**

**خوایە کەی زارم وەکوو ستیانەکەی پڕ کا لە مەم**

**گیان وەبەر کوچە و شەقامی شار دەنێی کاتێ کە دێی**

**کووچە گوێی هەڵخستووە من چاو لەبەر پێت رادەخەم**

**یادی تۆ ناهێڵێ تەنیایی دڵم داگیر بکا**

**ئاگری عیشقت نەبێ، خۆ دەمکوژن ئازار و خەم**

## دەریا

**شەو بە سەرماوە زرینگاوەتەوە**

**شادی رۆیشتووە خەم ماوەتەوە**

**دڵی پێنووسی ئەڤیندار تەنگە**

**هەستوخوست نایە قەڵا بێ دەنگە**

**کڕو خامۆشە زەمان یەکجاری**

**وەک بڵێی مەرگی بەسەر دا باری**

**جارو بار کوندێ لە دوور دەخوێنێ**

**خەبەری مەرگی هەژاریّ دیّنیّ**

**کوڕە پیّشمەرگە بە تەنیا خەوتوون**

**بە خەون چوونەتەوە سەر کەوتوون**

**دەست لە ئەستۆی کچی خەونی پیرۆز**

**هەڵیان کردووە ئاوری نەورۆز**

**خاکی رزگارە لە دەس بیّدادی**

**ئای چ شیرینە خەوی ئازادی**

**منم ئەمشەو کە بە تەنیا ماوم**

**خەو کە تۆراوە لە لانەی چاوم**

**یادی جیّژوان و هەواری جاران**

**چاومی هیّناوەتە ئەسرین باران**

**دیّ بەبەر چاوی خەیاڵا جوانیّ**

**دڵ دەبیّ هەر بە خەیاڵ بڕوانیّ**

**کوڕ کوژن سیله نیگای کیژۆڵان**

**لەسەری پێچ و له حەوشه و کۆڵان**

**دوگمه دەترازێ له سەر سینه و مەم**

**وەخته سەت شێعری به قوربانی کەم**

**ئەو نیگا و بەژن و بزه و چاوانه**

**قیبلەگای دین و دڵ و چاومانه**

**کۆتری بێ پەڕ و پۆی خەومیان کوشت**

**دەمەو ئێواره بوو وا خوێنیان رشت**

**ئێستەکەش نازی نیگای چاو کاڵێ**

**پێمی بەخشیوه پەڕی شاباڵێ**

**بۆیه بێ ئۆقره لەگەڵ تەنیایی**

**دێم دەکەم شەرحی نیگای دەریایی**

**گیانی بەخشیوه به هۆنراوەی من**

**بەو دڵە پڕ خەم و ژاکاوەی من**

**دەبێ ناوی هەموو کیژان بێنم**

**یەک بە یەک با غەزەل بیان دوێنم**

**تاکوو بزانێ بزانێ کە ئەم دنیایە**

**تاقە ئەستێرەیەکی تێدایە**

**کە هەتاو سوژدە دەبا بۆ بەر پێی**

**مانگ و ئەستێرە قەرزدارن پێی**

**پەڕی نامەم بە شەماڵ دەسپێرم**

**رۆژ بێ یا نیوەشەوێ دەینێرم**

**پێی دەڵێم هاودەمی پێدەشت و کۆ**

**زوو وەرە دەستم بە داوێنی تۆ**

**لێرە ئەستێرەیەکم ناسیوە**

**نامە شێعرێکە لە بۆم نووسیوە**

**وەسفی برژانگ و دەم و بەژن و چاو**

**جووتێ ئەستێرە لە ئاسمانی ساو**

**ناوی گشت سوورە گوڵی ئەوناوە**

**کە قەسیدەی منی پێ رازاوە**

**یەک بە یەک بوونە هەوێنی هەڵبەست**

**خاڵی لێو،بەژنی لەبار، چاوی مەست**

**بۆچی پێت سەیرە کەناوم بردوون**

**لەگەڵ ئەو دڵبەرە ریزم کردوون**

**لەوێ گوڵ زۆرە نەخەجڵێی ئەی با**

**نامەکەت بگرە کە زریان نەیبا**

**بڵێ هێناومە سڵاوێ بۆتان**

**پڕ لە تاریفی جوانیی خۆتان**

**بڵێ کوا چاوگەشی ئەستێرەی شەو**

**تایبەتی پێمە سڵاوێ بۆ ئەو**

**ناوی ئەستێرە لە هەرکوێ بێنی**

**هەرچی پێویست بێ بەدەستی دێنی**

**شەو بە جێژووانی ئەوین نازانێ**

**تا گەلاوێژی نیگای بڕوانێ**

**چاوو برژانگی کەسەر راو دەگرن**

**کۆترن راوچی بە بێ داو دەگرن**

**دێن بە پۆل بۆ خەبەر و پێشوازی**

**فێر دەبی چێژی چییە گیانبازی**

**پۆلێ نەسرین و هەڵاڵەی رووگەش**

**گوڵە مێلاقە، گەزیزەی چاو رەش**

**گەردنی چەشنی بلووری بێگەرد**

**چڕژی خستۆتە دڵی سەختی بەرد**

**سینگی بەفرینی گوڵاڵەی رووح سووک**

**دڵڕفێن پێدەکەنن وەک نوێ بووک**

**سوێسن و چیمەن و شللێرەی جوان**

**شەونمە جوانە لە سینەو بەروان**

**دڵگرە رۆندکی روخساری گوڵ**

**دوڕی فرمێسکە لە گریانی دڵ**

**مانگ بە رووزەردی تریفەی داوێ**

**کەل دەنەخشێ بە گزینگی تاوێ**

**پەڕپەڕۆک دێت و دەدا بای باڵی**

**لێرەنابینی هەواری خاڵی**

**مەلی بێ لانە دەخوێنن جارێ**

**تا چرۆ مابێ لە لێوی دارێ**

**رووگەشن لێو بەبزەن دڵپاکن**

**ئارەزووی رۆژی هەناو رووناکن**

**دەڕفێنن دڵی پۆلی جوانان**

**پۆلە کۆتر لە دەرو گوێسوانان**

**جوان دەکەن دیمەنی نێو گوڵزاران**

**کە لە سەر گوڵ دەگەڕێن ئێواران**

**ئاسکی دڵگری زۆر تێدایە**

**دڵی ناسک لەوێ بۆی شەیدایە**

**موژدە بۆ هەرچی گوڵی لەو ناوە**

**بە بزەی لێوی کچێ بەسراوە**

**تەمی کوێستان دەڕەوێ پێناچێ**

**گەر بەهار ئیزنی بدا بۆ ماچێ**

**شنەیەک بسکی هەتاو دادێنێ**

**بۆی بەهار بۆ گوڵ و کوێستان دێنێ**

**وەک بەیان بێ تەم و مژ بێگەردن**

**شیرنە ماچی تەوێڵ و گەردن**

**دڵی لێوریژ لە وتە و رەمز و راز**

**کوڕە پێشمەرگەیەکی ئاشتیخواز**

**دێ هەتا وەربگرێ پاداشتی**

**لە گوڵی باخی بەهەشتی ئاشتی**

**گەر ئەڤین تیری لە جەرگی راکا**

**چۆن لەبەر چنگی تەوارێ راکا**

**لێرە ئەی پیرە شەماڵ تۆم یاری**

**تۆ کە یادگاری بەهاری پاری**

**نامەکە هەڵگرە زوو خێراکە**

**دڵی من ئێستێ تەواو خەمناکە**

**کە گەیشتیتە یەکەم کۆڵانێ**

**هەر گوڵەو مشتەرییە و دەڕوانێ**

**بۆ بزەی هیچ گوڵێ ئاوڕ مەدەوە**

**جوابی کارمامزی دڵپڕ مەدەوە**

**لەوێ دوو چاوی گەشی دەریایی**

**پڕ لە تیریژی ئەڤینی خوایی**

**چاوەکانی لەسەرم شین گێڕن**

**خوانەکا رۆژێ نیگا وەرگێڕن**

**دوو چەمی پڕ لە هومێد و ئاوات**

**هەر کە دیتیانی لەوێ دێن بۆلات**

**بەر لەوەی بێژی چییە وا پێمە**

**عەرزی یارێ کە سڵاوی ئێمە**

**سووکێ چۆک دادە بە قەستی کرنۆش**

**بەری پێی ماچکە لەڕێوە رووخۆش**

**لەمنەوە هەڵگرە بۆ وی سڵاوێ**

**پڕ لە عیشق و لە گزینگی تاوێ**

**پێی بڵێ چەند لە کچان دەڕوانم**

**وەکوو وی نایەتە پێش چاوانم**

**لە شەپۆلی چەم و چاوی کانی**

**لە چیا و دەشت و بەهاری جوانی**

**هەرچی هەن دیمەنی نێو دنیایە**

**رەنگ و بۆی جوانیی ئەوی تێدایە**

**چاوی بۆ دیدەمی کرد پەرژینێ**

**بۆیە چاوم کەسی تر نابینێ**

**لێم گەڕێ چۆنی بووم هەروابم**

**سوژدە بۆ جوانی ئەبەم تا مابم**

**قەڵا هاوینی ١٣٨٤**

**رووت دامەپۆشە**

**رووت مەشارەوە با تێر بتبینم**

**با بە ئایەتی چاوەکانی تۆ**

**بەهێزتری کەم کۆڵەکەی دینم**

**روو دامەپۆشە**

**با رێژنەی سەوزی بارانی بزەت**

**لە پەلکی سیسی روخسارم بدا**

**بەڵێنم داوە وات بپەرستم**

**گوڵی ئێرەیی بپشکوێ**

**خودا**

**ئیمەیل**

**چاوی تۆ تەفسیری عەشقی دڵپڕی ئەو وەرزەیە**

**ئەو کەسەی پێی وایە هەر من وای دەبینم گەمژەیە**

**جووتە مەمکی تۆ نموونەن خوا زەویی خڕ کرد لە رووی**

**هێزی رۆح کێشان لەوێدا بۆ قسەی من بەڵگەیە**

**تیپی پێشمەرگەی خەیاڵم پاسەوانی سینەتە**

**با خەیاڵی کەس بە دوندی مەمکەکانتدا نەیە**

**خۆرەتاو تیرێژ ئەنێرێ سوژدە بۆ بەرپێت بەرن**

**تۆزی کەوشت تاجی سەر شای پڕشکۆی ئەو عەرزەیە**

**من لە دەوری لێوەکەی خاڵێکی وردم خوێندەوە**

**گشتی سیپارەی دڵم تەفسیری ئەو یەک دەرسەیە**

**رێی بدە با پیرە ئەقڵیش بێتە زانکۆی عیشقەوە**

**ئەو قوتابییە تا بفەرمووی کرچ و کاڵ و هەرزەیە**

**شەو بە رێی ئیمەیلی خەونێکا هەتا بەر دەرکە دێم**

**تۆ سەرت بمخوێنەوە و لەو لێوە ماچێکم دەیە**

## کورتەیەک لەسەر ژیانی شاعیر

ساڵی ١٩٧٦ لە گوندی حاجیلەکی سەر بە شاری بۆکان لە دایک بووە. لە زانکۆی بۆکان بەکالۆریوسی لە زمان و ئەدەبی فارسی وەرگرتووە. ساڵی ٢٠٠٤ پەڕیوەی باشووری کوردستان بووە و لە چاپەمەنی و بەشەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا کاری کردووە و لە گۆڤارەکانی باشووری کوردستانیشدا وەک (کاروان، ڕامان، ئایندە، ئایدیا، بیاڤ، چلاواز، وێران، ٢٣، گزینگ، هەڵبوون، ڕاڤە)دا بابەتی بڵاو کردووەتەوە و لە ساڵی ٢٠٠٩وە وەک ستافی کارا لە لاپەڕەی فەهەنگی ڕۆژنامەی هەولێردا کاری کردووە و بابەتی بڵاو کردووەتەوە و لە ساڵی ٢٠١١وە وەک خەبیری زمانەوانی هاوکاری دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانییە و تا ئێستا ١٣ کتێبی بەو ناوانە لە زمانی فارسییەوە کردووەتە کوردی:

١. ژان: نووسینی مارگریت دۆراس
٢. ژن لە فەلسەفەی سیاسیی ڕۆژئاوادا: نووسینی: سوزان مولیر ئۆکین

٣. ئەودیوی کوێستان؛ نووسینی: یەشار کەمال
٤. سەفەر: نووسینی مەحموود دەوڵەت ئابادی
٥. تاعوون: نووسینی ئەلبێر کامۆ
٦. ئێمیل: نووسینی ژان ژاک رۆسۆ
٧. کۆیلەکردنی ژنان: نووسینی: جۆن ستیوارت میل
٨. سێبەری هەڵۆ: نهێنییەکانی ژیانی ناپلیون
٩. پێشەوای رابوون
١٠.کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست
١١.ئیمپراتۆریای بیزەنتی
١٢.لە لینینەوە تا پووتین
١٣. ئاغاکانی ئاقچاساز(رۆمانێکی دیکەی یەشار کەمالە و ئامادەی چاپە)
١٤.زیارەتی ماچ (کۆی شێعرەکان)